KURDISTAN NET کوردستان نێت

# نامه یه کی کراوه،

## سه فه ر!!

فه رهاد سه لام مه لا سابیر
farhadsalam@hotmail.com

هاورێ،
باوێزه ی عیشقم،
سه رتڵ سه رتڵ
وه ک باپووسکه،
هێدی هێدی
به سه ر بیابانی برینداری ،
ناختاندا ئه وه رێت..
هاورێ،
سه فه رم کردووه ،
نیشتمانی، گڕوو خوێنم ،جێهێشت.
نمه ک حه رام نه بووم به رامبه ری،
به نمه کی نێو ده می ئه و ،
وه ک زه ڕنه قووته ی
ناو ئاشیان گه وره بووم و
فێری باڵه فڕه ی ئازادی بووم.
هاوڕێ،
ئه و ده مه ی من که شکۆڵی سه فه رم له کۆڵنا،
هیجره ت
بوو

هیجره ت ،
ڕک،خۆی له ژێر پێ ی شاخدا ڕا ئه پسکان و،
هه گبه ی پڕ کاره سات و،
جه سته ی خوێناوی به دوا خۆدا ڕائه کێشاو
تفی له مێژووی خۆی ئه کرد.
که له پۆی خۆریش ،
بووه لانه ی شه مشه مه کوێره.
هاوڕێ،
ئه وانه ی دڵۆپێ له شه ونمی به رائه ت
نه ئه که وته سه ر خه ونه سه وزه کانیان و
پاسپۆرتی،
ئه فسانه یی وولاتی خه ویان له هه گبه دا بوو،
ئه وان ،
ئه مرۆ خاوه ن وولاتن وولات!!!
هاوڕێ،
نیشتمانم،
له ودیوو ته لبه نده کانی مه زاده وه ،
ڕۆژانه،
هه ڕاج ئه کرا !!
بۆ حه ق هه مووماں شاهید بووین،
به ڵام ،
بۆ دا دگایی که س گوێی لێ نه ئه گرتین!!
داواکانمان ،هه تا ئه مرۆ
له سه ر تاقه کۆ نه کانی دادگا،

تۆز لێی ئه دا ..
هاورێ،
دووکه ڵی شه ڕ،
بۆن باروتی شه ڕ،
ده نگه نه شازه کانی شه ڕ ،
لاشه ی شه ڕ،
شه ڕ
شه ڕ
شه ڕ ڕڕڕڕڕڕڕڕ،
هه نا سه ی تووند ئه کردین و
هه ر ڕۆژه و له به رگێکی نوێدا ،
خۆی پێ ئه ناساندین،
هاورێ،
گووڵه ڕه نگ جوان و بۆن خۆشه کانی باخچه ی،
خه ونمان ببون به دڕک و
شه ونمیان ئه تۆران!!
پرچیان به سه ری یه که وه نه هێشتبوو،
بۆنیان له بۆنی ده می جه لاد ئه چوو..
هاورێ،
نیشتمانی دایک بێوه ژنمان ،!!
هه موو ڕۆژێ ،
داگیر که ران، له سه ر میوانداری، خۆمان،
شیله ی لێویان !!
بۆ خۆیان ئه برد،

ئێمه ش له به ر په نجه ره شکاوه که ی ،
مێژوومانه وه،به چاویلکه ی گه ردوون ئه مانبینی!
هاورێ،
چی بکه ین؟ خه سێنراو بوین!
به زۆلی نیشتمان سه یر ئه کراین.
هاورێ،
پیاوه ئازاکانی دوێنێ ی چرای ده یجوور،
پاله وانانی بوورکانی شاخ،
بێریته یان ئه گێڕاو به ئالای ئازادییان!
سه ر چۆپی دایک به شوو دا نی خۆیان هه ڵ ئه سوڕان ،
هاورێ،
گه یشتمه سنوور!
ئه و سنووانه ی پیاوانی سه ده ی نوێ ،
له سه ر مێزی قووماری دوێنێ !
پێکی گریستاڵیان له یه ک ئه سوو
قووماریان ئه کرد ،
له سه ر لاشه ی ئێمه ی زیندوو
به مه ستی دابه شیان کردین و ،
چوار مێخه یان کێشاین!
وه ک مێگه لی بێ شوان ،
هه تا ئه مڕۆ په ڕه وا زه ین!
هاورێ،
به ته له دڕکاویه کانی سنووردا شۆڕ بوینه وه،
ئاسمان،بووڵێڵ بوو،

له و شاخ و زنار و بناره دا ،
غووربه ت گۆرانی ئه وت و
که له پۆی خۆریش له که رووێشکه خه ودا بوو!
ئێمه ی کۆچه ری بێ ره شماڵ،
به دوای پێکه نیندا هه نگاومان ئه ناو،
فرمێسکی شه رابی دیده مان ئه ڕشت و
ئه مانکرد به هه وێنێ،
بۆ حه شری سبه ینێ!!
هاوڕێ،
هه ورو پڕووشه ی به فریش،
کڕنووشی شاهانه یان بۆ شاخ ئه بردوو ،
شاخیش، به شێ بای سرووشت
جه سته ی گڕگرتووی خۆی ئه کرد .
ئه و ده مه ی هه نگاوی نوێمان ئه کرد به هاوڕێ و
به هه ورازی سه ختا ملمان ئه نا
ئه مان توانی،
هێشوو هێشوو، ئه ستێره چاو بازه کان دابگرین،
هێنده ی بالآی شاخی جوودی گه ردنمان به رز بوو.
هاوڕێ،
ئه و ساته هاو سه فه رێکمان له زمانی ئه ستێره ی ئه زانی!
له کاروان کوژه ی پرسی،
بۆ ؟ دیسانه وه مانگ وونه !؟
ووتی، له شه کراو خواردنه وه ی ،
زووهره بۆ پیره مه گروونه !!!

هاورێ،
هێدی هێدی ،
ملی وونبونماندا، له تاریکی شه وگار دا وون بوین و
ته می شه و رێ گروو ،
خمخۆرکی شێدار پێ گرمان بوو ،
ژووارو تاڵی ،
وه ک کاتژمێره که ی به ر باخه ڵی مێژوو !
له گیرفانی خنکاو ماندا بوو!
با گژه ش هه موو ساتێ ئه هاته سه ر رێ،
له بازگه دا،
داوای شیرینی ئه کرد،
شیرینی !شیریی وولاٴ چۆلکردن..
هاورێ،
سه فه رم گریان بوو گریان،
بۆ به ها پیرۆزه کان،
شۆڕابه ی خه مه کانم،هێنده ی پرچی نیشتمانم ،
درێژ درێژه،
که سێ نیه له به ر ئاوێنه ی خۆردا،
پرچی ئاڵۆزی نیشتمانم و شۆڕه بی خه مه کانم شانه بکا،
که سێ نیه که س ک ه س س س س ،
هاورێ،
گه یشتمه وولاتی نامۆ بوون،
نامۆ به گریان و ده سته مۆ به خه نده ،
منیش خه یاڵه سه وزه کان ئه وروژێنم،

تا شه ونم ،
سه بوری و هیوا به بیابانی جه سته مدا بباریێنێ،
که چی هیوا لیێره ش،
له دارستانی غووربه ت چڕ تره و
چڵی غووربه تیش وه ک شۆڕه بی ڕووم ئه گریێت!
هاوڕێ،
غووربه ت ، وه ک تاریکی دارستان وایه،
کڵاو ڕۆژنه ی ڕووناکی،
له بازگه ی قووبه ی چناردا ،
به سانایی ده رباز نابێ و ناگاته خوارێ ،
تا ،ڕووناکی مه مله که تی نیشتمان و وولاتی خۆمم ،
وه بیر بێ نیێت و
که مێ پشووی سه بووری هیواو
پریشکێ ، له به رقی ڕووناکیم باتێ ،
هاوڕێ،
ئه زانی لیێره ش ژه نگی غووربه ت
سیمای به رائه تی سیا ڕه نگ کردین ،
ئه زانی ها وڕێ
ئه زانی
ها
و
ڕ
ێ ....

له نده ن

به هاری